## هونەرمەند بەهجەت یەحیا:

# گۆرانی لەلای من تەقسیێکی رۆحییە

**سڤیل:** نێوانی بەرهەم و بەرهەمێکی تری تۆ زیاتر لەدوو سێ ساڵە، هۆی چیە کە درەنگ درەنگ بەرهەمەکانت بڵاو دەکەیتەوە؟

**بەهجەت یەحیا:** هونەری گۆرانی مۆسیقا کارێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو کارێکی دەستەجەمعیە و کۆمەڵێک تێیدا بەشدارن، کە بێجگە لەهونەرەکەیان، سەرقاڵن بەژیانی رۆژانــەی خۆیانـەوە، زۆربـەیـان هونەر نەیتوانیوە ببێتە پیشەیان و بیانژێنێت، هـەروەهـا ریتمی کـارکـردن لەکۆمەڵگای ئێمەدا خێرانییە و دەبێت نەفەسدرێژ بێت، بۆ ئەوەی بتوانیت کارێکی هونەری لەسەر ئاستێکی بەرز بەئەنجام بگەیەنیت.

**سڤیل:** لەگۆرانیەکانی تۆدا تایبەتمەندییەک بـەدی دەکـرێـت، کـە حاڵەتێکی رۆحـیـە و زیاتر باس لەدنیای ناوەوەی مرۆڤ دەکات، دەکرێت لەسەر ئەم حاڵەتە بدوێیت؟

**بەهجەت یەحیا:** گۆرانـی خـۆی لەخۆیدا هاوارێکە و شکاندنی بێدەنگیە، هەروەها وەسـتـانـەوەیـە بـەڕووی ئـەو دیـوار و بـەربـەسـتـانـەدا، کـە رووبـەڕووی مرۆڤ دەبنەوە، ژیان پڕە لەهەوراز و نشێو، کاتێک ئێمە پێیدا تێپەڕ دەبین، هەندێک جار توشی ماندووبوون و دڵشکان دەبین، پێویستمان بەجێگایەکە ئارامـمان بکاتەوە و جارێکی تـر هـەسـت بـەدڵنیایی بکـەیـنـەوە و هێز بێتەوە گیانمان، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ ڕەوڕەوەی ژیاندا بڕۆین، بەجۆرێک ڕۆحمان دەباتەوە ئەو جێگایەی کە دەتوانین ئاسودە بین. گۆرانی جارێکی تر مانا دەبەخشێتەوە بەو شتانەی کە زەمەن بێ مانای کردوون. گۆرانـی بـاس لەدنیایەک دەکـات، کە پڕە لەخۆشەویستی و بەخشندەیی، پڕە لەوەفا و بـڕوا و هـاوڕێـیـەتـی، پـڕە لـە ئینتیما بـۆ چــواردەورەکــەت بـەخـاک و خـۆڵ و مرۆڤەکانییەوە. بـاس لەئەوینێک دەکات، کە ئەویندارەکان لەهەموو شتێکی خۆیان دەبــوورن و دەتـوێـنـەوە لـەنـاو حاڵەتێکی ڕۆحیدا، گۆرانی لەلای من تەقسیێکی رۆحیە، ئەم حاڵەتە جاران نامۆ بوو، بەڵام خەریکە هێدی هێدی خۆی ئاشنا دەکات.

**سڤیل:** کۆنسێرت رێـگـایـەکـە بـۆ ئـەوەی گوێگران و گۆرانیبێژان لەنزیکەوە بەیەک بگەن، گوێگرتن لەگۆرانیبێژێک بەشێوەی زیندوو و راستەوخۆ ڕەنگە تام و چێژێکی جیاوازی هـەبێت لــەوەی کـە بـە سـیـدی یـان کاسێت گوێی لێبگریت، بۆچی تائێستا کۆنسێرتت سازنەکردوە؟

**بەهجەت یەحیا:** کۆنسێرتکردن کلتورە و ئەم جۆرە کلتورە لەهونەری ئەمڕۆی ئێمەدا ئێستا لەقەیراندایە، ئەمەش پەیوەندی بەیەکێک و دوانـەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەم قۆناغەوە هەیە، کە ئێستا پێیدا تێپەڕ دەبین.

> **هونەرمەند بەهجەت یەحیا لەچاوپێکەوتنێکیدا لـەگـەڵ (سڤیل) بــەوردی بـاس لەهونەری گـۆرانـی دەکــات، پێیوایە گـۆرانـی خۆی لەخۆیدا هـاوارێکە و شکاندنی بێدەنگیە، هەروەها وەستانەوەیە بەڕووی ئەو دیوار و بەربەستانەدا، کە رووبــەڕووی مرۆڤ دەبـنـەوە، لێرەشـەوە دەگـاتـە ئـەو بڕوایەی گـۆرانی جارێکی تر مانا دەبەخشێتەوە بەو شتانەی کە زەمەن بێ مانای کردوون.**

**سڤیل:** کێشەیەک هەیە کە هەمیشە هونەرمەندان باسی لێوەدەکەن، ئەویش کێشەی کۆپیکردنە، ئێوە دەڵێن چی؟

**بەهجەت یەحیا:** ئـەم کێشـەیە قسـەی زۆری لەسـەر کراوە، بەڵام هەرچەندی لەسـەر بوترێت هێشتا هەر کەمە، لەهەموو جیهاندا کۆپیکردن بەیاسا ڕێـگـەی لـێـگـیراوە، کـەچـی لای ئێمە بەپێچەوانەوە بەڕەسمی مۆڵەتی پێدراوە. هەتا کۆپی ڕایت نەبێتە یاسایەک مافی هونەرمەند هـەرگـیز پـارێـزراو نـابـێت، لـەڕاسـتـیدا ئەمە کێشەی هەموو کۆمپانیاکانی جیهانە، ئەوانەی کـە کـاری مۆڵەتی میدیا دەکـەن، بەرهەمی مۆسیقا و گـۆرانـی و فیلم بـڵاو دەکەنەوە، دیاردەی کۆپیکردن یان لەڕێگای ئینتەرنێتەوە بـڵاوکـردنـەوەی بـەرهـەمـە هونەرییەکان مـانـای بـەتـاڵانکردنی ڕەنـج و ماندووبونی بەرامبەرەکەتە، ئێستا لەوڵاتانی دنیادا ئەو ماڵپەڕانەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی بەرهەمی کەسانی دیکە بڵاو دەکـەنـەوە لەئینتەرنێتدا، زۆر جار لەڕێگای (ئای پی ئەدرێسەکەیانەوە) دەدۆزرێـنـەوە و رووبـەڕووی یاسا دەبنەوە، بەڵام هێشتا هەر نەتوانراوە بنەبڕ بکرێت. بەڵام ئەو جێگایانەی کە بەرهەمی هونەری لێدەست دەکـەوێـت، هـەمووی بەشێوەی ئۆرجیناڵە و مافی پارێزراوە.

**سڤیل:** زۆرجار باری ڕۆژنامەنوسی و هونەری کوردی لەم قۆناغەدا بەیەک دەشوبهێنرێن، بـەوەی کە هـەردوو بوارەکە توشی جۆرێک لـەفـەوزا بــوون، لـەبـواری ڕۆژنامەنوسیدا هەرکەس هەڵدەستێت لەرۆژنامەیەکدا شتێک دەنوسێت دەڵێت رۆژنامەنوسم، لەهونەریشدا بەهەمان شێوە، هەرکەس گۆرانیەک تۆمار دەکات و لەتەلەفزیۆنێک بڵاو دەبێتەوە، خۆی ناو دەنێت هونەرمەند، ڕای تۆ لەوبارەیەوە چیە؟

**بەهجەت یەحیا:** بەڕای من هەموو ئەو دیاردانەی کە ئەمڕۆ ئێمە دەیانبینین ڕەگیان هەیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەرابردوەوە هەیە، بەدرێژایی مێژوو لەوەتەی ئەم نیشتمانەی ئێمە هەیە، هەرمەیدانی جەنگ بووە، ئەوا نزیکەی نۆزدە ساڵە هەناسەیەکمان داوە، بەڵام هێشتا هەناسەکەمان هەر نیوە ناچڵە. کۆمەڵگای دوای جەنگ دەرونی ماندوو دەبێت و توشی نامۆیی دەبێت و پێویستی بە خۆدۆزینەوە هەیە، ئا لەم ساتی بەدوای خۆدا گەڕان و خۆدۆزینەوەیەدا هـەرکـەس پـەلامـاری کـاری ئـەوی تر دەدات و پێیوایە سەرکەوتوو دەبێت. بـەڵام ئێستا ئێمە لەقۆناغی دروستبووندایین، ڕۆژێک دێت پێویستی ژیان کارێک دەکات، هەرکەس کارامە و لێهاتوو نەبێت لەبوارەکەی خۆیدا نەتوانێت بەردەوام بێت.

**سڤیل:** هیچ یەکێک لـەو هۆنراوانەی کە لەم دوایـیـانـەدا کـردونـت بـەگـۆرانـی بەجۆرێک لـەجـۆرەکـان گـوزارشـتـیـان لـەژیـانـی خۆت کردوە؟

**بەهجەت یەحیا:** کاتێک هۆنراوە دەبێتە گۆرانی مانای وایە ئەو هۆنراوەیە توانیویەتی رۆح و ویژدان بهەژێنێت، زۆر جار کە هۆنراوەیەک بۆ هاوڕێکانم یان بۆ هاوسەرەکەم دەخوێنمەوە،

سڤیل: ڕەنجدەر عەبدولڕەحمان – سلێمانی



چەند جارێک دەوەستم، لەبەرئەوەی قوڵپی گریانێکی شاراوە و بێدەنگ لەهەناومدا دێت و دەچێت. ئەو هۆنراوانە پەیامی ئەوینێکی ڕاستگۆی مرۆڤانەیان پێیە، نەک هەر گوزارشت لەژیانی من، بەڵکو دەتوانن گوزارشت لەناخی هەر یەکێک لەئێمە بکەن.

**سڤیل:** بەرهەمی نوێت بەدەستەوە نییە؟

**بەهجەت یەحیا:** ئێستا بەرهەمێکی نوێم وا لەتەواوبووندایە، هیوادارام بەم نزیکانە کارەکانی تەواو بێت، هەرچەندە نامەوێت لێرەدا وردەکارییەکانی باس بکەم، چۆن تۆمارکراوە و کێ بڵاوی دەکاتەوە، بەڵام تەنها دەتوانم لایەنە شیعریەکەی باس بکەم، کە ئەمجارەش هەموو هۆنراوەکان شاعیری هەست ناسک، هاوڕێی خۆشەویستم کاک هێمن مام نادر دایناون، هۆنراوەکان بەسەرهاتی چیرۆکی عەشقێکی ئەبەدین، کە لەتوانای مندا نییە لێرەدا بەچەند وشەیەک گوزارشتیان لێبکەم، خۆتان چاوەڕێ بن، بزانن بەم زوانە چۆن کاکە هێمن دەروونتان عەشقباران دەکات.

**سڤیل:** بۆچی بەکەمی گفتوگۆ و چاوپێکەوتنی رۆژنامەنوسی دەکەیت؟

**بەهجەت یەحیا:** هونەر خۆی دەتوانێت پەیامی خۆی بگەیەنێت، بەتایبەتی هونەری گۆرانی، بەشێوەیەکی زۆر ڕاستەوخۆ گوێگر دەخاتە ژێرکاریگەری خۆیەوە و کار لەناخی دەکات، هەندێک حاڵەتی رۆحی هەیە، کە گۆرانی تەنها خۆی دەتوانێت بیبزوێنێت، هەرگیز پێنوس ناتوانێت لەسەر پارچە کاغەزێک ئەو گوزارشتە بنوسێتەوە. بۆیە من پێم باشە گۆرانی خۆی زمانحاڵی خۆی بێت، بەڕاستی گۆڤار و ڕۆژنامە و دەزگای راگەیاندنیش ئەوەندە زۆر بوون و بەردەوامیش لەزیادبووندان، بەجۆرێک کە ئێمە ناتوانین لەگەڵ هەموویاندا گفتوگۆ بکەین، لەبەرئەوەی زۆر دەبێت و دەبێت هەرخەریکی قسەکردن بین. هەندێک جار لەگەڵ گۆڤارێک چاوپێکەوتن دەکەیت، گۆڤارێکی تر لێت زویر دەبێت، ئەوەش بۆ ئێمە خۆش نییە و حەز ناکەم کەس لێمان دڵگران بێت، هەر بڵاوکراوەیە و سەنگ و کەسایەتی خۆی هەیە، دەبێت بەرامبەرەکەت ئازاد بکەیت و هەقی هەڵبژاردنی پێبدەیت. برادەری وامان توش دەبێت، دەڵێ ئەگەر لەگەڵ من چاوپێکەوتن نەکەیت، لەگەڵ هەر گۆڤارێکی تر ببینم چاوپێکەوتنت کردبێت، لێت زویر دەبم.